# برۆكسێل هەڕەشە لە توركیا و كرۆاتیا ئەكات ... ئە. كەمال غەریب ك.

2005-11-12

ئەم هەواڵە لە ا. ن. پ هۆڵەندییەوە وەرگیراوە 10-11-2005
برۆكسێل:




بۆ ئەوەی ئەم دوو وولاتە ببن بە ئەندامی تەواوی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا ئەبێت خۆیان بگونجێنن لەگەڵ یاسا و ڕێسای ئەم وولاتانە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتەدا هاتووە كە ڕۆژی 10-11-200
لە لایەن كۆمیسیۆنی بازاڕی هاوبەشەوە بڵاوكراویەوە لە ئەنجامی ئەو هەلسەنگاندنانەی ئەم كۆمیسیۆنە كردوویەتی لەم شەش مانگەدا. ئەوەی پابەندە بە توورکەوە ئەوەیە كە كاری گەری و دەستێوەردانی عەسكەر لە سەر دەسەڵات زۆر دیارە و پێویستە لە بازنەی بینیندا بمێنێتەوە، هەروەها زمانی یاسا خۆی ڕێكبخات و خۆی بگونجێنێت لە گەڵ مافەكانی مرۆڤدا وە خۆی ساغبكاتەوە بە پراكتیكی نەک لەسەر كاغەز. چونكە لێدان و ئەشكەنجەدان هێشتا مامەڵەی ڕۆژانەیە بۆ گیراوان و خەڵكی ژێر چاودێركراو.
خاڵێكی تر بابەتی سەربەستی ڕۆژنامەگەری و ئازادی نووسەران بوو بۆ بڵاوكردنەوەكانیان، دوور لە سانسۆر و سزادانیان. بۆیە بازاڕی ئابووری بە دڵی برۆكسێلە، چونكە هەر ئەمەیان گرنگە بۆ گرێدانی توورکیا بە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپاوە. . !!!
بەڵام ئەوەی پابەندە بە كرۆواتیاوە: پێویستە ئەم وولاتە كارزیاتر بكات بۆ سربەكان كە خۆیان بگونجێنن لە نیشتمانی كرۆواتییەكان بۆ پێكەوە ژیان. هەروەها بۆ ڕۆمە سیخونەرەكان (قەرەجەكان)
دیسان ئەم وولاتە ئەبێت زۆر كاربكات بۆ پاراستن و خۆشكردنی ژینگە.
بازاڕی هاوبەش كۆتایی مانگی ڕابووردوو بڕیاریدا كە ووتوێژەكانی لەگەڵ ئەم وولاتە گرێ بداتەوە دوایی ئەوەی ئەم وولاتە كارئاسانی زۆری كرد بۆ (دادگایكردنی یۆگۆسلافییەكان) .
لێرەدا مافی 20 ملیۆن كوردی باكوورە كە لە ئەورووپای ئازاد و دیمۆكرات بپرسرێت كوا كێشەی گەلێكی بە زۆر خزێنراوە، ناو ئەم تابووتی مەرگەوە كەپێی دەوتری توورکیا، كوا چارەنووسی هەزارەها خەڵكی ئەنفالكراو و گوندی خامۆشكراو بەسەر خاوەنەكانیاندا، كوا مافی نەتەوەیەكی بیست ملیۆنی كەلە سەربەخۆیی كەمتری پێڕەوا نییە. بەڵام لەم تابووتی ئەم مەرگەدا كە پێی دەوترێ توركیای عەلمانی، ، ڕۆژانە زمانی خەڵكی ئەبڕێت لەسەر ئاخافتنیان، وە سادەرترین مافی مرۆڤی پلە دوو، سێ تا هەزاریش بە كورد ڕەوا نییە.
من لێرەدا ئەڵێم ڕووڕەشی بۆ جیهانی ئازادی و مافی مرۆڤ، كە مامەڵەی قەرەجیش بۆ نەتەوەیەكی بیست ملیۆنی وەک كورد ناكات. . . كە واتە كێشەی سیاسی نییە و نایانەوێت باسی لێبكەن. . ؟؟
بۆیە ئەمڕۆ كورد ئەوەی پێی ڕەوا نابینرێت بە زمانی ئاشتی و دیالۆگ، ئەبێت بە زمان و ئەڵتەرناتیڤێكی كاریگەرتر و گونجاوتر هەوڵی خۆی بدات، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ باكووری كوردستان ئەمڕۆ كێشەكەمان ببوە بە كێشەیەكی بازاڕی ئەورووپا و ئەندامەكانی. . . ؟؟